# گەنجان بە جل و بەرگی کوردیەوە ئامادەبوون

## رێکخراوی سایە کۆڕێك بۆ خالید قادر ساز دەکات



رۆژی شەممە رێکەوتی 2007/11/4 کاتژمێر 2,30 دوای نیوەرۆ لە هۆڵی هیران رێکخراوی سایە کە رێکخراوێکی مەدەنیە لە شارۆچکەی هیراندا هەڵسا بە سازدانی کۆڕێکی رۆشنبیری بۆ ( خالید قادر) بەرێوبەری سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە لەسەر ( گەنجیەتی و گرفتەکانی گەنجی کورو کچی کورد لە کۆمەلگای کوردیدا ) لە کۆرەکەدا رێژەیەکی زۆری کچان و کورانی هیران و نوێنەری پارت و رێکخراوەکانی ناوچەکە ئامادەبوون و سەرجەم ماوەی 2 کاتژمێری خایاند . لە ناوەرۆکی بابەتەکەشدا ئاماژە بە گەنج بوون و چەمکی گەنجیەتی کرا و لەسەر گرفتەکانی کورو کچی کورد لە کۆمەلگای کوردیدا قسە و باسێکی زۆر کرا و چەندین داتاو بەلگە خرایە روو هەروەها لە لایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆ و پرسیارێکی زۆر لەسەر بابەتەکە کرا کە نیشانەی تینویەتی گەنجانی ئەو شارۆچکەیەی دەردەخست بۆ دوان لەسەر بابەتەکانی گەنجان وگرفت و کێشەکانیان هەر وەك لە میانەی کۆرەکە چەندان گەنج باسیان لە بێشوێنی و بێ هیوایی خۆیان کرد رەخنەیان لە دەسەلات هەبوو کە تا ئێستا هیچ ناوەند و سەنتەرێکی گەنجانی لەو شارۆچکەیە دانەناوە و گەنجانی کەناریشیان پشت گوێ خستووە بۆیە بەشێکی زۆری گفتوگۆی دوای بابەتەکە هاتە سەر هاندانی گەنجان خۆیان کە پێویستە داکۆکیکاری مافەکانی خۆیان بن و فشاری مەدەنی بۆ داخوازیەکانیان بنوێنن . جێی ئاماژەیە شارۆچکەی هیران لەگەڵ ئەوەی رێژەیەکی زۆری گەنجانی تێدا نیشتەجێیە و ناوچەیەکی سەیرانگایە , هەروەها خەڵکێکی کراوە و رۆشنبیری زۆرە بەلام هیچ ناوندو سەنتەرێکی گەنجانی لێ نیە

